# هاواری پەناهەندەکانی بۆ کەناڵی کوردستان

1

زۆر بەڕێز بەڕێوەبەری کەناڵی کوردستانی خۆشەویست.

ئێمە کۆمەڵێک کوردی پەنابەرین لە بەریتانیا ئەژین، هەموومان دۆست و ئەندام و لایەنگری (ی.ن.ک) ین و لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا لەسەر گیرفانی خۆمانی و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ڕوومان کردە ئەو شارانەی کە سندووقەکانی دەنگدانی لێ بوو، دەنگماندا و ئێستاش و داهاتووش هەر بە هەمان شێوە ئامادەین بۆ هەموو ئەرکێک کە پێمان بسپێرێت.

ئێمە کۆمەڵێک ئاوارە و پەناهەندەین کە ساڵانێکە لە «کاردیف» ئەژین، هەر هەموومان مافی پەنابەرێتیمان ڕەتکراوەتەوە بێ شوێن و جێگاین... نەبوونی مافی پەنابەرێتی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ کاری کردۆتە سەر باری ژیان و گوزەرانمان و چەندەها کێشەی دەروونی و تەندروستی ڕۆژانەی بۆ دروست کردووین... ژیانمان گەلێک سەخت و ناخۆشە و هەتاکو ئێستاش کەسێک یان کۆمەڵگا و ڕێکخراوە کوردییەکانی سەردانیان نەکردووین و بۆ ئەوەی لە کێشەکانمان ئاگادار بن.

لە ناوەڕاستی مانگی «٣»دا بوو هەواڵێک لێرە و لەوێ بڵاو بۆوە کە گوایە کەناڵی کوردستانی خۆشەویست دێت بۆ «کاردیف» و بەرنامە لەسەر ژیان و گوزەرانی ئێمە دەکات، زۆرمان پێ خۆش بوو کە بەهۆی ئەو بەرنامەیەوە دەنگمان بگاتە لای بەرپرسانی حیزبی و حکومی لە کوردستان و بەریتانیا، دوای چەند ڕۆژێک کچێک و دوو کوڕ هاتن و دەستیان کرد بە چاوپێکەوتن و سەردانی پەنابەران لە جێگای کارکردن و شوێنی مانەوەیان کرد، پەنابەرانی غەمبار و هەناسە سارد زۆر بە پەرۆشەوە بۆ کامێرا ئەدوان دەردی دڵی خۆیان هەڵئەڕشت و ئەوجیات زانی کە زۆربەی زۆری قسەکانیان دانابەزێت... نێردەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە «کاردیف» و دەوروبەری توانیان چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشێکی هەرزۆری پەناهەندەکاندا بکەن و بەڵێنیان پێ داین کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا لە یەکێک لە بەرنامەکانی سەرەوەدا لە کەناڵی کوردستان پەخش بکرێت.

ئێمەی پەناهەندە لە ناخی دڵمانەوە زۆر سوپاسی ئەو سێ
کارمەندە ئەکەین کە تا درەنگانی شەوان لەگەڵ پەنابەراندا
ئەدوان و گوێیان بۆ خەم و ئازاری ئێمە ئەگرت زۆر بە
دڵنیاییەوە دوو بارە و سێ بارەیان ئەکردەوە کە بەزووترین کات
پەخش ئەکرێت، ئەمەش ئەبێتە بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ و دروست بۆ
قەنات و کەس و کار تا بزانن ئێمە بە چ شێوەیەک کار ئەکەین و
لە چ ژیان و گوزەرانێکدا ئەژین و ئایا بەو شێوەیە ئەمانەوێت ژیانێکی
شایستە بۆ کەس و کارمان دابین بکەین
ئێستە دوای تەواو بوونی بەرنامەکە، شەوانە هەر لە چاوەڕوانیدا
بووین و کەی پێ دابەزێت و خۆمان و خەمەکانمان ببینین لە سەر
ئەو شاشە سەوزەی کە ئەڵێت دەنگ و ڕەنگی هەمووانە. بەڵام
بەداخەوە چەندها هەفتە و مانگ تێ پەڕین و هیچ دیار نەبوو، ئێمەش
کەوتینە سۆراغی ئەو دواکەوتنە و پەیوەندیمان بەو سێ کارمەندەوە
کرد وتیان بەرنامەکەمان تەواو کردووە ناردوومانە بۆ کوردسات
هەر شتێک هەبێت لای ئەوانە...
چەند ڕۆژێک پێش ئێستا پەیوەندیمان بە مەکتەبی ڕێکخستنەوە کرد و
دوای لێپرسراوی کەناڵی کوردساتمان کرد برادەرێک وەڵامی
داینەوە خۆی وەکو لێپرسراوی کەناڵەکە نیشان دا کە باسی ئەو
بەرنامەیەمان کرد یەکسەر وتی: ((ئەو پەناهەندانە قسەی زۆر خراپیان
کردووە و (تفیان)) لە کوردستان کردووە و ئامادە نین بگەڕێنەوە).
پەناهەندەیەکی دڵشکاو و غەمباری دوورە وڵات ئەگەر قسەیەکی
دژی حکومەتی هەرێم بکات ئازادە لە ڕادەربڕینیدا، بەڵام ئێمە
ئامادەین و تەحەدای هەمووکەسێکیش ئەکەین کە کەسمان (تفمان)
لە کوردستان نەکردووە و ئەوە بەڵگەیەکە لەو بووختانە و تاوانە شاخدارەی
کە ئەدرێتە پاڵمان و وەک بەهانەیەک بەکاری ئەهێنێت بۆ ئەوەی
ئەو بەرنامەیە پەخش نەکرێت و ئەگەر هەر پەناهەندەیەک ((تفی)) کردبێ
لە کوردستان دەمێک بوو نیشان درابوو. ((تف کردن)) لە کوردستان
کاری ئێمە نییە، خاک و خۆڵی کوردستان بەخوێنی برا و هاوڕێ و
کەس و کارمان کە شەهید بوون سوور بووە و ئەو خاک و ئاوەمان
لە خوێن و گیاندا هەڵگرتووە، ئەو کارەی ئێمە نییە، ئەوە کار و کرداری
سیاسییەکانە کە ڕۆژانە بازرگانی بە خوێن و خوێنی شەهیدان و
کۆمەڵانی خەڵکی سەربەرزی کوردستانەوە ئەکەن.

گەلێك ئاسوودە و دڵخۆش ئەبووین ئەو بەرنامەیە پەخشی
بکرایە لە بۆماوەیەکی کەم کە ساتێکی زۆر ئاگاداری خەم و ئازاری
ئێمە ئەبوون بەداخەوە پەخش نەکرا، زۆر بەداخەوە کە
کەناڵی کوردسات بۆ تەنها ساتێك نەبوو بە دەنگ و رەنگی
پەناهەندەکانی، نەبوو بە دەنگ و رەنگی دۆست و ئازیزانی و
لایەنگرانی (ی.ن.ك)، تەنانەت نەبوو بە دەنگ و رەنگی
ئەو چەند پێشمەرگە دێرینەی کە رۆژانێك بە چیا و کەژەکانی
قەندیل و سەگرمەوە چەکی ئازادی و جەربەزیان لە شان بوو و
ئەمێستا کە پەناهەندەیەکی بێ جێگاو رێگانی لە کاردیف، خێزانە
کانیان چاوەڕوانی دەستی ئێمانن کە یارمەتیان بدەین..

گەلێ برادەرینە دەروەدڵ زۆر بەڵام لێرەدا کۆتایی بەم نامەیە
دەهێنین و دوای لێبوردن لە هەمووان داوا دەکەین کە
چاوەڕوان بوونی بەمانە بینین....
داواکارین لە کەناڵی کوردسات کە وەڵامێکی ئەم نامەیەمان بداتەوە،

پەناهەندەکانی کورد
لە کاردیف
٢٠٠٦-٦-١٠